# فیقا و فیق !



**بەهێز حوسێن**
**Bahez2006@hotmail.com**

له ڕەوه بەکۆمەڵەکەی ساڵی 1991 ی خەڵکی کوردستاندا ئێمه به خاوخێزانەوه کەوتینه( دوو ئاو)ه و مانگێك ژیانمان گوزەراند ، لەسەر پردەکەی (دووئاو) خاڵێکی سەربازی پاسدار هەبوو ، ئەو ڕۆژەم بیرناچێتەوه که ویستم بچم بۆ پاوه و لەگەڵ منیشدا کۆمەڵه خەڵك و خێزانێك هەبوون و له نێو ئۆردوگاکەدا مۆڵەتی ئەوەمان وەرگرتبوو بچینه پاوه ، بەڵام که گەیشتینه لای پاسدارەکان یەکێکیان فیکەیەکی دەرهێنا و هەتا فووی تێدابوو فشاری کرده سەر فیقەکەیی و ئەیوت ( برو ئاغا ) ئێمەش چوار پێنج هەنگاوێکمان نا ، کەچی پاسدارەکەی تر لەوسەرەوه کەوته فیقه لێدان و ئەیووت ( بەرگەرد به عەقەب )واته بگەڕێنه دواوه ! ئیتر یەکێکیان ئەیوت برۆن و ئەویتریان ئەیوت نەڕۆن ، ئێمەش له نێوانی ئەم فیقا و فیقەدا گیرمابووین و تا پاسدارەکان له نێوخۆیاندا ڕێکەوتن لەسەر ئەوەی فیقەی کامیان سەربگرێت ، ئێمه نیوەی کاتەکەمان بەسەرچوو مۆڵەتەکانمان چەند کاتژمێرێکی کەمی مایەوه و هەزار خۆزگەمان خواست که شەڵڵا هەر نەچوینایه بۆ پاوه و ئەوەندەش خۆمان بەدەم ئەو دوو پاسداره کەچەڵه ڕەزاگرانانەشەوه سوك نەکردایه .

ئەم چیرۆکەی سەرەوەم بۆیه باسکرد چونکه وای بۆدەچم کورد له ئێستادا لەنموونەی ئەو  فیقاوفیقەی سەر پردەکەی (دووئاو )له نێوانێکی بچوکی سیاسیدا هەنگاوێك بۆ پێشەوه و یەکێك بۆ دواوه دەڕوات و دێت .

کورد ئەمڕۆ له نێوان فیقەی دەستوور و فیقەی ئەمریکا ، فیقەی وڵاتانی ئیقلیمی و فیقەی پەرلەمانی ئەوروپا ـ فیقەی کۆماریەکان و فیکەی دیموکراتەکانی ئەمریکا گیری خواردووه و نەئەوەیه بەتەواوەتی ڕێگا بەرەوپێشەوه ببڕێت نه ئەوەشه ئاشبەتاڵمان پێبکەن و تیپەکه هەڵوەشێننەوه !

ئێمەی کورد که خاوەنی هەزاران فیکەی قوربانیدان و پشتگیری سیاسەتەکانی ئەمریکا له ناوچەکه و هەڵنەوەشاندنەوەی عێراقی پاش سەدام و پاراستنی ناوچەیەکی گەورەی وەك کوردستان له دەستی تیرۆر و تێکدەر و پڕکردنەوەی بۆشاییەکانی عێراق بووین ، دەبێ گوێ بۆ فیکەمان بگیرێت و ئێمەش بتوانین بوێرانه فیکەکەکه له کاتی خۆیدا لێبدەین .

ئەبێ ئەوه بوترێت که کوردیش بۆخۆی فیقاوفیقی کەمی نەکرد ،بەڵام فیقەکانی لەلایەکەوه نەشازبوون و لەلایەکی دیش نەزاناەبوو له ڕووی کات و تەکتیکەوه ، که بەڕای من  هەرئەمەش وایکرد سیاسییەکانی کورد  ڕوانین و ستراتیژێکی ڕون و ئاشکرایان نەبێت و خۆشمان نەزانین چۆن ژیرانه لەنێوانی ئەو هەموو فیقه فیقەدا، فیکەی خۆمان بناسینەوه و هەنگاوی جێگیربنێین ، ئێمه له مەسەلەی کەرکوکدا له سەرەتای ڕوخانی بەعسدا فیقەمان بەدەمەوه بوو، بەڵام لێمان نەدا و گوێمان بۆ فیقەفیقی ئەمریکا گرت ، له داڕشتنەوەی دەستووردا بەفیقەی گۆندۆلیزا ڕایس هەڵخەڵەتاین وساڵێکیش جەعفەری سەرەك وەزیرانی ئەوکاتی عێراق به فیقه فیق مەسەلەی ئاسایکردنەوەی کەرکوکی دواخست و پاش دەستووریش چاوەڕێی دوا فیقەی ئەمریکامانکرد کەچی له ناکاودا ( بکەر و هاملتۆن ) فیکەی یەکلایکەرەوەیان لێدا و کوردیش تا ئەمڕۆکه که بەڕای من ئەوەنده فووی تێدایه فیکەی خۆی لێبدات ، فیقەکەی بەکارنەهێناوه و نازانم هەڵیگرتووه بۆ کاتی تەنگانه یان چی ؟

له کۆتایدا دەڵێم : ئەگەر کوردی هەمیشه فیکه بۆ لێدراو ، ئەمجاره خۆی کەڕنەکات و تا هێزی هەناسەی تێدایه دەنگ بەرزترین فیقەی خۆی لێنەدات و وەك مێژووی بێسەلیقەیی سەرکردەکانی کورد فێرمان دەکات ، گوێقوڵاخی فیکەی ئەموئەوبین ئەوا ئەوەی 15ساڵه بەدەستمان هێناوه دەکەوێته بەر مەترسی لەناوچوون ، له دۆخی ئەمڕۆی عێراقدا شیعەکان به پاڵپشتی ئێران فیکەی خۆی لێدا و داهاتوویان بۆ خۆیان مسۆگەر کردووه ، سوونەکانیش به پاڵپشتی وڵاتانی کەنداو و ئیخوانەکانی میسر و بەعسییەکانی سوریا تا ئەو کاتەی ئەمریکا گوێی لێگرتن ، به فیقەفیقی توندوتیژی و هەراسانکردنی مارینزەکان چمکی داهاتوویان له دەستی خۆیان توندکرد ، ئەوەی مایەوه کورده که یان ئەوتا فیقەکەی له لێدان کەوتووه یان سەرکردەکانی کاتی فوپیاکردنیان بیرچۆتەوه ، کاتی ئەوه هاتووه ئێمەش فیقەی خۆمان لێبدەین چونکه کات زۆرزوو تێپەڕدەبێ و پێشموایه کەوتووینەته کاتی ئیزافی و هەمووشمان باش دەزانین لەپاش دوافیکەی کۆتایی ، هەزاران فیکه جێگه ناگرێت و هیچ له ئەنجامی گەمه سیاسیەکه ناگۆڕێت .